کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-12-2007 14:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

سوید

## شارستانی، هەڵوێستی تەنهاخۆیەتی، یاحکومەتە بەگشتی؟!! ... نەجمەدین شێخ بزێنی - (بەشی دوهەم)

دیارە لەبەشی یەکەمدا ئاماژەمان بەوەکرد، کە مام ئەکرێکا وەک داگیرکەر دەستی بەسەر ئێراقدا گرد، نەک وەک بوختان پێکردن، بەڵکو بە ئارەزو مەندانەیی خۆیو، بەبڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان بەفەرمی خۆی پێناسەی خۆی ڕگەیاند کەداگیرکەرە نەوەکو ڕزگار کەر! ئەوەش دیارە لەپێناوی دەسەڵاتداریەتی یەک لایەنەو، کەئەبێت تەنهاخۆی خاوەن بڕیاربێت. لەبەرنەبونی لایەنێکی ڕامیاری وەیا سەربازیکەبتوانی لەو بارودۆخە ناهەموارەدا، دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ، هەمولایەنە پێکهاتەییەکانی ناوئێراق بەکوردوعەرەبەوە، بەپێخۆشحاڵیەوە پەسەندیان کرد. جاداگیرکەرە فەندی بەڕێز، بۆ زیاتر خۆ نزیک خستنەوەو متمانە پێ قایمبونی کوردو شیعە بەتایبەتی، کتوپڕدەستی کرد بە هەڵوەشاندنەوەی دامو دەسگا داپڵۆسێنەرو سەرکوت کەرەکانی ڕژێمی بەعسو، بڕیاری دەسگیرکردنی (55) بەرپرس لەسەرانی بەعسو تاوانکارانی پلە بەرزی ڕژێم، لەهەموشیان گرینگتر، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هێزی سەربازی و، ڕیشەکێش کردنی حزبی بەعس، کە بو بەهۆی گەورەترین دڵخۆشکەری، بۆ لایەنی بەرهەڵستکارانی ڕژێم بەتایبەتیش گەلی کورد. بەجۆری پێگەی خۆی بەهێزکرد لە ناو نیشتمان پەروەرانی ڕاستەقینەی دژ بەو ڕژێمە بۆگەنەی بەعس، بەتایبەتی لە لایەن کوردەوە، خۆی بڕیاری داگیرکەری پەسەند کردبو، بەڵام کورد پەسەندی نەکرد هەر بەڕزگار کەر ناوی ئەبرد!! تاوای لێهات سەربازان و بەرپرسانی ئەمریکی گوڵ باران ئەکران لەکوردستان، بەتایبەت پاش بانگ هێشتکردنی سەرۆکی کوردستان بەڕێز مەسعودبارزانی بۆ ئەمریکاو، ڕاوەستانی لەشان سەرۆکی ئەمریکاوە، بەڕێز جۆرج بۆش، بە بەرگی کوردی پیرۆزەوەو، ڕاگەیاندنی پەیڤەکەی بەزمانی شیرینی کوردی، وای لەسەرکردایەتی ڕامیاری کوردستان کرد، کە زۆر خۆی بە قەرزار باری ئەمریکابزانی و، پێشەنگی کارو ئامانجەکانی، زیاتر بخاتە خزمەتی نەخشەو پێلانە کانی ئەو، بەبێ بیرکردنەوە لەبەستنی پەیمان نامەیێکی فەرمی وەک گرێبەستێک بۆدڵنیایی بونی دواڕۆژ لەدابین کردن وچارەسەرکردنی کێشە نەتەوەیێیەکانی لەناو ئێراقدا لەگەڵ عەرەب، وەک دوو خاک و دوو نەتەوەی هاوبەش. ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەمریکا دڵنیابێت، سەرکردایەتی کورد سەرپێچی هەڵوێست وبڕیارەکانی ناکات، تەنانەت ئەگەر زیانی کوردیشی تێدابێت. هەرچەندە دیارە کەئەو بۆ چونە لەلایەن سەرکردایەتی ڕامیاریەوە دورە، بەتایبەتی لەلایەن خودی سەرۆک مەسعود بارزانیەوە، بەڵام بەگوڵباران کردن و، بەڕزگارکەر ناساندنو، بەنیشاندانی ئەوهەمو هاوکاری و هەڵوێستە نەرمانەی نیشانیاندا، لەبەرانبەر تەنانەت عەرەبەکانیشدا، وای لێیانکرد ئەو بۆچونیان لەلا پەیدا بێت، دیارە خۆسیاسەتیش هەمو هەنگاوێکی ڕاست ودروست نابێت. بەهەر حاڵ ئەو هۆکارانەی کورد وای لەئەمریکاکرد کەتەواو خۆی گێل بکات لەئاست مافو داواکاریە ڕەواکانی، نەک تەنها لەبەرانبەرکێشەکانی ناوخۆی ئێراق، کەخۆی هۆکارێکی سەرەکیە لەجێ بەجێ نەکردنیان، بگرە لەکێشە دەرەکیەکانیش کەبەرانگاری کوردستان ئەبێتەوە، پشتی لێ ئەکات، بۆنمونە ئەگەر سەیری بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ، کە پەسەندکراوە بەفەرمی داگیرکەرە، ئەبێت پاراستنی هەرێمی کوردستان لەئەستۆی ئەوبێت، وەک بەشێک لەحکومەتی فیدرالی ئێراق، کەهەردەم داکۆکی لەسەریەکپارچەیی خاکی ئێراق ئەکاتەوە! بەڵام لەئاست ئەو هەمو تۆپ بارانکردن و هەڕەشەی لەشکرکێشی تورکیادا، کەکۆمەڵگای نێو دەوڵەتیش بەگشتی لێی بێزارە، کەچی ئەو ئێستاش تەنانەت بەڕاگەیاندنیش هەڵوێستێ وای نیشان نەدا کەئەو لێی بەرپرسیارە، بگرە بەهۆی بیانوی پەکەکەوە بەشێوەیێکی ناڕاستەوخۆ، لایەنگیریشی ئەکات و، ئەیەوێت حکومەتی هەرێمیش ڕاکێشێتە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ناوئاریشەکەوەو، گوایە پارتی کرێکارانی کوردستان تیرۆریستەو ئەبێت بەربەرەکانی بکرێت، کەچی ئەوگروپو ڕێکخراوە بەناو، ئیسلامی وسەورەی عشرین و موقاوەمەو، چەندین گروپیتر.. کەهەرهەموشیان پێکهاتون لەدارودەستە کانی بەعسو ڕژێمە قێزەوەنەکەی بەغدا، کەخۆی لەناوی بردن، شان بەشانی تیرۆریستان، ڕۆژانە بەدەیان ژن و منداڵی بێتاوان و مرۆڤی سڤیل بەنارەوا ئەکوژن وسەرئەبڕن و تاڵانی داهاتو سامانی خەڵکی بێتاوان ئەکەن و مزگەوتو کەنیسەکان ئەتەقێننەوەو، شوێنە گشتیەکان ویران ئەکەن، لەپێناوی گەڕاندنەوەی ڕژێمە بۆگەنەکەی بەعسی فشیست. ئەوانە تیرۆریست نین و نیشتمان پەوەرن؟!! ئەوەش ڕاستە کەداگیرکەر خۆی قازی بێت، بڕیارەکانیشی هەرلەو جۆرە ئەبێت! دادوەرێک تەڵەکە بازبێت، چون بڕیاری ڕاست و دروستی لەلا بەیدا ئەبێت. جۆن نگرۆبۆنتی، جێگری وەزیری دەرەوە، لەم سەردانەی ئەمرۆیدا، واتە 2007/11/29، بۆکوردستان ئامـاژە بەوەئـەکات کەئـەمریکا دۆستایەتی زۆر کۆنی هەیە لەگەڵ کوردستاندا، ڕاستەکاتن بزانن چەند ڕاستگۆن و هیچ شتێکیان لەبیر ناچیت! هەر لەسەر کەوتنیان لەجەنگی جیهانی دوو هەمەوە، توانیویانە لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا لەهەر چوارپارچەی کوردستاندا بەهەمو توانایێکەوە پشتگیریان لەداگیرکەرانی کوردستان کردووە بەجۆرێیک نەیان هێشتووە هیچ بزوتنەوەیێکی سیاسی کوردستانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ!! هەر لەڕوخانی کۆماری کوردستان لەمەهابادەوە، تاکو ئەم سەردەمەش، کەوالەبەرچاوە چون داکۆکی لەمافی کورد ئەکات لەتورکیا کەزیاترلەبیست ملیۆن کوردلەسەر زێدی باوکو باپیرانی خۆیانن کەکوردستانە ئەژین و، نەڕەگەزو، نەکولتورو، نەزمانیان لەگەڵ تورکدا یەک ناگرێتەوەو، ناویشیان ئەبەن بەتورکی شاخاوی!خاکی کوردستان بەشێوەی داگیرکراوو، گەلی کوردیش ماف پێشێلکراو، کەتاکو ئەمڕۆش والەبەر چاوە، بەودەردەوە ئەناڵێنێت!! هەروەها بەبەڵێن پێدانێکی درۆ، بونە هۆی توانەوەو لەبار بردنی شۆڕشێکی مەزنی‌کورد. ئەواجارێکی تریش ئەیانەوێ لەڕێگەی هاوپەیمانی و دڵسۆزی ودۆستایە تیەوە، لەلایێکەوە خوێنی (190) هەزار کوردی بێ سەرو شوێنکراو بەبارزانیەکانەوە، کە بەناوی ئەنفالەوە بران و لەناودران، بزرکات و، وێران کردنی زیاتر لە (4500) گوند بەمزگەوتو قوتابخانەو نەخۆشخانەوەو، سوتاندنی بەهەزاران ڕەزو باخی کوردستان، بشارێتەوە، لەدادگایی کردنێکیی مێژوویيدا! بەوەی کەکەس تاوان بارنەکاتو، ئەوانەی کەتاوانباریش کراوون، یاساسەزای بەسەریاندا سەپاندوە ئەبێت ببەخشرێن و، پاداشتیش بدرێن‌وەو، تەنانە فتووەکانی (واتە هەتیوەکان) سەدام لەگەڵ هەمو فەرمانبەرانی ڕژێمە بۆگەنەکەی، یان بگەڕێندرێنەوە سەرکارەکانیان، وەیان خانەنشین بکرێن!! بەو پێیەش ئەبێت سوپاکەشی زیندو بکرێتەوە، بگەڕێتەوە سەرشێوازی پێشوی خۆی!! ئەمەش لەڕیگەی جێ بەجێ کردنی بەرنامەی ئاشتەوای نیشتمانی، کەدیارە لەئەنجامیشدا ئەبێت کورددواوی لێبوردنیشیان لێ بکات، چونکە ئەگەریاساییش نەبێت، کولتوریە، تاوان بارکراو بێ تاوان دەرچێ لەپاش ئازارکیشان ئەبێت داواکار، داوای لێبوردنی لێبکات!! کەوابو هێچ نارەوای و تاوان کارێێک ڕوی نەداوە بەرانبەر بەکورد!! لەلایێکی ترەوە دەربارەی داهاتوی ڕێکخستنەوەی ئێراق، لەبواری مافی یەکسانی و کاروباری بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت بەڕیوە بردنەوە. ئەوە ئاشکرایە لەڕوی دیموغرافیەوە، ئەیانەوێت ئەو نەخشەو پیلانانەی سەدام و ڕژێمە چەپەڵەکەی دایان ڕشتبو، بەلآم پێیان تەواو نەکرا، ئیستا تەواوی بکەن وجێگیربێت بەتەواوەتی، ئەوەش بەخۆگێل کردن وخۆدزینەوە لەجێ بەجێ کردنی مادەی (140) ی دەستوری بەبیانوی جۆراوجۆری بێ بنەماونادروست. کەخاڵێ لەوانە گوایە کەرکوک ئەبێت بەگۆمی خوێن، زۆر باشیش هەمو ئەزانن کەنەیاران تاکو ئێستا چیان پێکراوە کردویانە، لەوەش زیاتریان پێناکرێ، بگرە بەگەڕانەوەی بۆ باشی حکومەتی هەرێم ئەوەی لەمەپێش و ئێستاکە پێیان ئەکرێت، ئەوکات ئەوەشیان پێ ناکرێت. بەڵگەش شارەکانی تری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستانە. خۆ لەوشارانەش عەرەبو تورکومانی زۆری لێ دەژێین و ڕێگای هاتو چۆش هیچ کات لەهیچ ئێراقیێک نەگیراوە!! بۆیێ ئەو بیانووانە بەبێی بنەمان و ئەمریکاش لەهەموکەس چاکتر ئەزانێت و خۆی لێ گێل ئەکات، نەوەکو هەستی دەوڵەتە عەرەبیە رەگەز پەرستەکانی هاوپەیمانی و، تورکیای هاوپەیمانی ئیستراتیجی مێژویی پێێ بریندار بێت و ڕەخنەی لێبگرن. لێرەدا ئەمەوێت دوبارە ئاماژە بەوەبکەمەوە، کە ئەمریکا لەهیچ سەردەمێکدا نەدۆستی کورد بووەو نەئەبێت بەدۆستی. دۆستایەتی ئەو، تەنها لەپێناوی بەرژەوەند داریەتیدایە. بۆیێ پێویستە سەرکردایەتی کوردستانیش هەر بەو پێیە مامەڵەی لەگەڵ بکات و هەلی گونجاو لەدەست نەدات. هێشتا بواری باش لەبەردەستدا ماوە. ئەبێت هەڵوێستی خۆی زۆر بەڕاشکاوانەو بەبێ پێچو پەنا بگۆڕێت و پێشیان بڵێت کەکورد گومانی لەڕاستگۆیی ئێوە پەیدا کردووە. ئیتر ناتوانین پشت بەبەڵێن ببەستین و کردارمان ئەوێت. دیارە دەر بڕینی ئەم هەڵوێستە نەک تەنها بەرانبەر بەئەمریکابێت، بەڵکو ئەبێت زیاتر بەرانبەر بەلایەنی عەرەبی بێت واتێنەگەن بەدەستگوشین و ماچوموچ ئاواتەکانیان بەدی دێت. لێرەدا ئەمەوێت زیاترلەسەرهەڵوێستی مام ئەمریکا نەڕۆم وبگەڕێمەوە سەرهەڵوێستی عەرەبە هاوبەشەکانمان بەناوە! دیارە ئەوەش ئەهێڵمەوە بۆ بەشی سێهەم بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەڕێز بێزار نەبن.

2007/11/29

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.